هێڵی ئاسمانی ئیمارات گەشتەکانی بۆ بەغدا و پایتەختی لوبنان دەستپێدەکاتەوە

هێڵی ئاسمانی ئیمارات ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، کە پلانی هەیە لە 1ـی شوباتەوە گەشتەکانی ڕۆژانە بۆ بەغدای پایتەختی عێراق و بەیروتی پایتەختی لوبنان دەستپێبکاتەوە.

کۆمپانیاکە لە بەیاننامەیەکدا ڕوونیکردەوە کە گەشتەکانی بۆ بەغدا بە فڕۆکەی بۆینگ 777 بەڕێوەدەچن و فڕۆکەی بۆینگ 777-300ER بۆ سێ پێل بۆ گەشتەکانی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ڕەفیق حەریری لە بەیروت تەرخان دەکرێت و هەفتانە زیاتر لە 5000 کورسی لە هەردوو ئاراستەدا دابین دەکرێت.

هێڵی ئاسمانی ئیمارات ئاماژەی بۆشکرد کە لە 1ـی نیسانەوە دووەم گەشتی ڕۆژانە بۆ بەیروت دەستپێدەکات و هەمان فڕۆکە و هەمان بڕش بەکاردەهێنێت، ئەمەش لەکاتێکدا وەاتی ئیمارات پێشتر لە کۆتایی مانگی ئەیلوڵی 2024 گەشتەکانی بۆ بەیروت ڕاگرت بەهۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان.